# دڵۆپێ مەرەکەب*

* ئەم دڵۆپە مەرەکەبانە بە ئەڵقە ئەنووسم و لە زۆر شوێن ئەڕژێن و بلاّو ئەبنەوە

دلۆپی سێهەم

توخوا کەس باسی گەندەڵی و ژن نەکات

نووسینی: ڤینۆس فایەق/هۆڵەندا

من باسی حکومەتم ئەکرد ئەو باسی ژنی ئەکرد ، من باسی 42 وەزارەتەکەم ئەکرد ، ئەو ئەیوت ژن بێ توانان و ئەیوت کورد تاقە ژنێکی ژنێکی تەکنۆکرات و خاوەن مۆئەهیلاتی راستەقینەی نیە ، من باسی لەیلا زانام ئەکرد ، ئەو ئەیوت ئێمەش ژنە مەسئولمان هەن ، کچی شەهیدمان هەن ، ئەیشیوت باشە ئێوەی ئافرەت و ژن بۆ ناچن رێکخراوەکانتان داخەن و دوکانی عەتاری بکەنەوە؟ من باسی پرۆژەی چاکسازیم ئەکرد ئەو باسی گەندەڵ حیزبێکی تر بۆ ئەکردم ، من باسی وەزارەتەکانم ئەکرد ئەو باسی گەندەڵی حیزبەکانی ئەکرد ، و ئۆباڵی هەڵەی حیزبەکەی خۆی ئەخستە ملی حیزبەکەی تر ، ئاخر جۆرە کەسانێک هەن کە لێیان ئەقەومێت ئەگەڕێن بۆ کەسێک ، لایەنێک ، هەر شتێک و گوناهی خۆیانی پیا هەڵواسن ، یان کە هەڵەیەک ئەکەن ئەگەڕێن ، کەسێک خراپە و هەڵەی هەبێت ، و بڵێن ئەوەتا فلاّن ئەوە هەڵەکانێتی ، ئەوەش گوناهەکانی فلاّنە ، ئەمە بۆ ئەوەی گوناه و کەمتەرخەمی خۆی داپۆشێت ، چونکە ئو جۆرە کەسانە پاکی و بێگوناهیی خۆیان لە خراپە و گوناهی ئەوانی تردا ئەبیننەوە..

شێوەیەکی تر لە کەسان هەن لەلای چەپەوە لێیان ئەقەومێ لەلای راستەوە بۆ چارەسەر بۆی ئەگەڕێن ، بەواتایەکی تر ناچن لە شوێنی شیاودا بۆ چارەسەری شیاو بگەڕێن.. ئەبوایە ئەم باسەم تەنها باسی کێشەی ژن بوایە ، بەلاّم وەکوو بیرم لێکردەوە گەیشتمە ئەو ئاکامەی کەوا کێشەی ژن چەندی لە ئەستۆی خۆیدایە ئەوەندە و زیاتر و نیوەی ئەوی تریش لە ئەستۆی حیزب و حیبۆکە پیاوسالارەکاندایە ، کە ئەوەش ئەبێتەوە بە گەورەترین بڕ لە گەندەڵ کە سەرتاپای میللەتێک بەدەستیەوە ئەناڵێنێت ، کە سەرتاپای نیوەی کۆمەڵگا لە پەراوێز بنرێت ، کە سەرتاپای نیوەی کۆمەڵگا و تواناکانی و بەهرەکانی بپێچرێنەوە و بخرێنە دۆلاّبی حیزبایەتی و ئاودیوی گەندەڵی بکرێت ، کە پرۆژە و پێشنیارەکانی سەرتاپای نیوەی کۆمەڵگا بکرێتە قوربانی چەند مەسئول و تەماح و چاوچنۆکیان ، ئەمە گەندەڵی راستەقینەیە ، ئیدی کەس باس لە گەندەڵی نەکات..

بەڵام ئەوەی بەداخێکی گرانەوە مەسەلەکەی هێندی تر قووڵ خەست کردۆتەوە ، ئەو تێنەگەیشتنە بێتامە لە راستی مەسەلەکە ، بەداخەوە هەتا ئیستاش زۆر کەس وا ئەزانن چارەسەری کێشەکە لە دەستی ژنی سادەدایە ، لە دەستی ژنی ساکاری ناو کۆمەڵگا ، یان زۆر کەس وا ئەزانن بە هەبوونی وەزارەتێک بۆ کارو باری ژنان مەسەلەکان هەمووی کۆتایی دێت و کێشەی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا و کیشەی ژن لە حکومەتی کوردستاندا دێتە کۆتایی و چارەسەر ئەبێت ، یان بۆچوونێکی تر هەیە گوایا ئەگەر لەو 42 وەزارەتە پیاوسالارە دوو وەزارەتی تر بدرایە بە ژن کیشەکان بەو شێوەیەی لێنەدەهات..

بەداخەوە ئەڵێم چارەسەری کێشەکە لە هەبوونی وەزارەتی کاروباری ژناندا نیە ، بەڵکو لە عەقڵیەتی نیوەی کۆمەڵگادایە ، تۆ ئەگەر توانیت قەناعەت بەو نیوەیە بکەیت بە زەرووورەتی هەبوونی ئەو وەزراەتە ، یان ئەو نیوەیە کە پیاوە ئەگەر لە خۆڕا رازی بوو ژن ئەو وەزارەتەی هەبێت ، کەواتە ئەو وەزارەتە پێویست بەبوونی ناکات ، لەلایەکی ترەوە ، هەبوونی ئەو وەزارەتە سوودی چیە ئەگەر بە بڕیاری پیاو ببرێت بەڕێوە ، چونکە بەبڕیاری پیاو دراوە.

پاشان مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە باس لەو 42 وەزراەتە ئەکرێت، ئەڵێن بۆ 42 وەزارەتی پیاوسالاری هەیە ، دەبا وەزارەتێکیش بدەن بە ژن ببیات بەڕێوە ، باشە خۆ وەزراەت هەن ژن ئەیبەن بەڕێوە ، بەڵام ژنی چی؟ ژنی حیزبی و کچە شەهید و ژنە مەسئوول ، پاشان کیشەکە لەوەدا نیە وەزارەتی زیاتر نەدراوە بە ژن ، کێشەکە لەبنەڕەتدا لەو 42 وەزارەتەی پیاواندایە ، کە خۆی لە خۆیدا خاتروخۆتری حیزبی و باجی رێکەوتنی ئەو دوو حیزبەیە و ژن ئەیکێشێت ، ئەبوایە ئەو دوو حیزبە پیاوسالارە رێکەوتنایە ، بەڵام چیبکەین لەبەر ئەوەی هەردوو حیزبەکە پیاوسالارن ئەبوایە هەموو وەزارەتەکان بۆ پیاو بن ، کەواتە کیشەکە لەوەدا نیە خێربکەن و وزارەتێک بدەن بەژن ، یان وەزارەتێکی کاروباری ژنان دانێن ، کیشەکە لە دوو حیزبەکەدایە ، کێشەکە لە حەرهەموو حکومەتەکەدایە ، جگەلەوەی کێشەکە لە خودی ژنەکانی ناو پەرلەماندان کە بەناوی حیزبەکانەوە دائەنیشن ، یان باشتر وایە بڵێم حیزبەکان داویانن لەیەخەی پەرلەمان ، ئاخر ئەوانیش چاولەبەری حیزبەکەن ، لەبەر ئەوەی زیاتر حیزبایەتی ئەکەن وەک لەوەی خەبات بۆ رەگەزی خۆیان بکەن..

بەهانەش بۆ ئەم قسەیە قسەی ئافرەتێکی نزیکی یەکێ لەو دوو حیزبە وتی: ئەو کاتەی مەسەلەکەی مەهاباد خرایە بەردەست پەرلەمانی کوردستان هەر ژنە حیزبیەکان بوون وتیان گوایا مەهاباد بۆی نیە ، چونکە سەر بەحیزب نیە ، کەواتە ئەمە ناوەرۆکێکی تری کێشەکەیە ، ژنەکان بە هەڵە بیر ئەکەنەوە ، چونکە خۆیان

حیزب دایناون وا ئەزانن هەموو موئەهیلاتەکان ئەبێت ژنی مەسئوول بیت یان کچە شەهید ، یان خوشکی یان کچی مەسئولێکی بەرز..

کەواتە هەتا ئیستا ئێمە کە گەڕاوین بۆ چارەسەری کێشەکە ، لە شوێنی هەڵەدا گەڕاوین .. ئێمە پێویستیمان بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی هەیە ، پێویستیمان بەوەیە حکومەت هەڵوەشێنینەوە و جارێکی تر بیچنینەوە ، ئیویستیمان بەوەیە ئەو 42 وەزارەتە بە پاچ و خاکەنازی ویژدان کاول بکەین و 10 یان 15 وەزارەتی پوخت و پاک دامەزرێنن ، ئینجا داوا بکەین لەو 15 وەزارەتە پاکە هەرنەبێت پێنجی بدەن بە چەند ژنێکی بەتوانا و تەکنۆکرات و خاوەن موئەهیلاتی راستەقینە ، پێویستیمان بەوەیە رەگی گەندەڵی لە عەقڵەکاندا لە بنی بنەوە هەڵکێشین ئینجا باس لە کێشەی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا بکەین..

venus.faiq@gmail.com